www.kurdistannet.org
26-11-2006 7:31بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**(زۆر پێویستمان بە بیری نوێ هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەوکێشانەی کە بیری کۆن دروستی کردون. Albert Enistein) ... لەوەڵامی سایدی (Islampaik)**

ڕۆژی دووشەممە 13 11 2006 سایدی (islampaik) لەڕێگەی نامەیەکی ئەلکترۆنیەوە دوو پرسیاریان ئاراستەکردووم کە بەباشم زانی بەر لەوەی وەڵامی پرسیارەکان بنێرمەوە بۆ سایدەکە لەڕێگەی هەفتەنامەی خۆشەویستم هەواڵ، وەڵامیان بدەمەوە و دووبارەش لە کوردستان نێت دا بڵاوی بکەمەوە، پرسیارەکان بریتین لە:

1- ئایا هەردوحزبی دەسەڵاتداری کوردستان (یەکێتی نیشتیمانی و پارتی دیموکراتی کوردستان) بەتەواوەتی پرەنسیپو بنەماکانی دیموکراسیان جێ بە جێ کردوە لە کوردستان وە ئایا دەتوانین بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵێین حکومەتێکی دیموکراسی؟

(زۆر پێویستمان بە بیری نوێ هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەوکێشانەی کە بیری کۆن دروستی کردون. (Albert Enistein



لەکوردستان نەتوانراوە دەرفەتی بەشداری کردنی گشتی کۆمەڵگا لەژیانی دیموکراتی یان ئازادی بۆ تاکگەرایی دابین بکرێت، گەشەبکاو شۆڕببێتەوە بۆناو کولتوری کۆمەڵگای کوردستان. ڕەوشتی کۆمەڵایەتی وەک هێزێکێ گرنگ لەناوچەجیاجیاکانی کوردستان هۆکارێکی ڕێگر بوە بۆ گەشەپێدانی ئازادی و دیموکراتی. مرۆڤ یان تاک لەژێردەستەیی کولتورو دەسەڵاتی گشتی کۆمەڵگای کوردستان بەئازادانە تواناى بڕیاردان لەسەر چۆنیەتی ژیانی خۆی بۆ نەڕەخساوە ئەمەش بۆتەهۆی دروستبونی بەتاڵیی فراوانی فکری ئایدیۆلۆجی ڕوحی هتد، بوارەجیاجیاکانی ژیان کە لاوەکانی کوردستان تیایدا دوچاری ئاڵۆزی بونەو توانای ڕوبەڕوبونەوەو دەربازبونیان نیە لەئاست ئەو ئاستەنگە دژوارانەدا. ئاڵۆزی باری ژیان و فەراهەم نەبونی پێویستیە سەرەتاییەکان کە مرۆڤی کورد لەم هەلومەرجە جیهانگیریەدا دووچاری دەکرێو بوە، ئاستەنگێکی دیکەیە لەبەردەم گەشەکردنی دیموکراتیبونی سیستێمو کولتوری کۆمەڵگا کەزۆر گران دەوەستێت لەسەر نەوەکانی داهاتومان و پەرۆشیەکی گەورەیە کەباجەکانی ئەم هەلومەرجە دەبێ نەوەکانی ئایندەمان بیدەن. هۆکارەکان زۆرن کەپێش بەستن لە پێشکەوتنی دیموکراتی وەک هۆکاری سیاسی کە حزبەکانی کوردستان زۆربەی کات دەسەڵات لەبەرژەوەندی بەرپرسو و حزبەکانیان بەکاردەهێنن. زۆر هۆکاری دیکە هەن، وەک نەبونی پیشەسازی و نەبونی موئەسەسات لە هەرێمی کوردستان، لەمانەش گرنگتر بەهۆی ژێردەستەییەوە ئاوێتەبونی کولتوری کۆمەڵگای کوردستان لەگەڵ ئاینو مەزهەبو کولتوری ئەونەتەوەو ئاینو مەزهەبانەی کە کوردستانیان داگیرکردوە، وە چەندین هۆکاری دەرەکیش هەن کەبەربەستن لەگەشەپێدانی دیموکراتی لەکوردستان. دەتوانین بڵێین دەسەڵاتی سیاسی لەکوردستان یەکێک لە مۆدێلەکانی دیموکراتیان جێ بەجێ کردوە کە بریتیە لە بونی پرۆسەی هەڵبژاردن بۆدیاریکردنی خاوەن بڕیارو سەرکردەسیاسیەکان کە لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە دەسەڵات بەدەست دەهێنن. جێگەی داخە کە دەسەڵاتی سیاسی لەکوردستان ڕاستگۆ نیە واتە شتێک دەڵێن وە شتێکی دیکە ئەنجام دەدەن کە دیموکراتی لێرەدا گەمارۆدراوەو گەشەی نەکردوە تاوەکو ئازادانە گەل بتوانێت بەیاسا کۆنترۆڵ و

بەدواداچون دەربارەی چۆنیەتی ڕاپەڕاندنو کارو ئەرکو مافەکانی دەسەڵاتەکان بکات. گەلی کوردستان پەیوەندیەکی بەهێزی لەگەڵ دیموکراتیدا پەیداکردوە کەدەکرێت دیموکراتی زۆر بەخێراتر لەکوردستان گەشەبکات. بۆ نمونە لە زۆربەی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بەتایبەت ناوچەی سلێمانی مرۆڤ دەتوانێ بەرماڵێکی نوێژکردن ڕابخات وە نوێژو خواپەرستی خۆی بکات بەڵام هەر 2 مەتر لەولا بەرماڵەکەوە کە موسڵمانێک خواپەرستی خۆی دەکات، کەسێکی دیکە دەتوانێت سفرەکەی برازێنێتەوە بە مەشروبو بتڵەوێسکی و گۆشتی برژاو بەبێ ئەوەی هیچیان ڕێگە لەوەی دیکەیان بگرن یان یەکدی نائارام بکەن کەئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە گەلی کوردستان بەرەو پەسند کردنی ئایدیۆلۆجیای دیموکراتی و ئازادی هەنگاو دەنێت.

چۆن دەسەڵاتی سیاسی ئاوێتەی دیموکراتی دەبێت.

پێویستە هاوکێشەیەک لە نێوان دەسەڵاتو ڕەوایدا یان ڕەوایی ئەرکو مافەکانو فەرمانڕەوایدا هەبێت. سیاسەتمەداران کە دەکرێت بڵێین زانایانی سیاسی کاتێک دەسەڵات دەگرنە دەست دەبێت ئازادی بۆگەل فەراهەم بکەن وە گەل هاوبەشو بەشدار ببێت لە داهاتی کوردستان. نەبونی ئەو نایەکسانیە کەلەئەنجامی گەندەڵی دروست بوە لەنێوان دەسەڵات و گەل، حزبو گەل، زۆر کێشەی دیارن کە دەربازبون لێیان کارێکی سەختە لەم سەردەمەی ئێستاماندا لەبەرئەوەی بەشی هەرەزۆری دەسەڵاتو سەرکردایەتی سیاسی لە کوردستان بڕوایان بە ئایدیۆلۆجی دیموکراتی نیە وە ناتوانن پەیڕەوی ئایدیۆلۆجی دیموکراتی بکەن چونکە ئەوان بەگوفتار شتێک دەڵێن و دیموکراتین، بەڵام لەڕاستیدا شتێکی دیکە ئەنجام دەدەن کەدورە لە دیموکراتی. بەڵکو لەم سەردەمە کوردستان لەپرۆسەی دیموکراتی بوندایە وە تروکاییەک بونی هەیە لای دەسەڵاتو سەرکردایەتی سیاسی کوردستان وەک ڕێگەدان بۆ بڵاوکردنەوەی گوتاری لەم جۆرە یاخود هەبونی پەڕلەمان، فرەحزبی و بونیاتنانی نیمچەئازادی و پرۆسەی هەڵبژاردن بەشێکن لەتروکایی دیموکراتی. ئەو تولەڕێی ڕوناکیە کە لای هەندێک لەسەرکردایەتی سیاسی دەبینرێت کاردانەوەیان دەبێت لەسەر دیاری کردنی کێشەکان کە دەبێتە هۆی پێشخستنی بیری سیاسی و ئایدیۆلۆجی دیموکراتی کۆمەڵایەتی لەکوردستان. (دیموکراتی شێوەیەکی زۆر چاکی فەرمانڕەوایی نیە بەڵام جێگەی داخە مرۆڤ نەیتوانیوە سیستێمێکی چاکتر لە دیموکراتی دابهێنێت. Winston Churchill) دیموکراتی ئەمرۆ چاکترین سیستێمی فەرمانڕەواییە لە جیهانداو خزمەت بەسەرجەم کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەکات وە لەگەڵ ئەوەی کەدەزانین خزمەت بەهەمومان دەکات ئێمە وەک یەک دیموکراتی پیادە ناکەین. ئەنجامی خۆپەرستی و بەرژەوەندی تایبەت ئایدیۆلۆجی دیموکراتی گەمارۆداوەو پەنگی خواردۆتەوە. لەهەر وڵاتێک ئایین تێدا باڵادەست بێت یان ئاین بوبێت بە کولتوری کۆمەڵگای ئەووڵاتە تائەوئەندازەیە دیموکراتی جێ بەجێ دەکات کە زیان لەدەسەڵاتو ئایدیۆلۆجیو بەرژەوەندیەتایبەتیەکان نەدات. لێرەوە ڕێگری دەکرێت لە ئازادی مرۆڤ و بنیاتنانی سیستێمێکی کۆمەڵایەتی کە تاکگەرایی ئازاد بێت و ڕۆڵی گرنگ ببینێت وەک تاکێکی ئازاد لەگشتی کۆمەڵگادا. بۆیە ئەوهۆکارەی کە دیموکراتی دەگەیەنێتە ناو کولتوری کۆمەڵگاو دەبێتە سیستێمێکی مانابەخش بۆ مرۆڤ ئێمە تا ئێستا لەکوردستان لەڕوی کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە پێی نەگەیشتوین. مرۆڤ لەکوردستان تائەندازەیەکی باش بەئازادی دەژێت، ئازادیش لەو شێوەیەی ئێمە بەردەستمان کەوتوە مۆدێلێکە لەمۆدێلەکانی دیموکراتی و گەشە بەدیموکراتی دەدات بۆیە کوردستان ئەمرۆ لەسەردەمی پرۆسەی بەدیموکراتی بوندایە کە ئەرکی نەوەی نوێیە ئەم پرۆسەیە بگەینن بەئامانج و گەشەی پێ بدەن بە خۆڕێکخستن لە ڕێکخراوی جودا جودای ئازاددا وە بەشداری بون لەژیانی دیموکراتی ئەگەرچی تائێستا حزب خاوەندی هەموجۆرەڕێکخراوێکە و چەندین ڕێکخراوی جۆراوجۆری فراوان بە پشتیوانی حزبەکان لەدایک بون و دەبن کە تاکی کۆمەڵگای کوردستانیان

خزاندۆتە ناو ڕێبازێک یان تۆڕێکی سەختەوەو زیاتر لە بەرژەوەندی حزبو دەسەڵاتەکاندا بەکاریان دێنن.

2- ئایا هەردوو حزبی ئیسلامی (یەکگرتوی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی) کەبەشدارن لە پەرلەمان و حکومەتی یەکگرتوی هەرێمی کوردستان بەتەواوەتی چونەتەوە بەگژ تێرۆرو توندڕەویدا وە ئایا هەڵویستیان چۆن دەبینیت لەو ڕوانگەیەوە کەئایا ئەو دوو حزبە توندڕەوی پەرە پێ دەدەن یان بەرەنگاری بونەتەوە لەڕووی فیکریو ئایدیۆلۆجیەوە؟

زۆربەی ئاینەکان وە بەتایبەتی ئاینی ئیسلام دژی ئایدۆلۆجی دیموکراتین. بۆ نمونە بەپێی شەرع کچێکی موسوڵمان بۆی نیە شو بەپیاوێک بکات کە ئاینی جیاوازبێت بەڵام پیاوی موسوڵمان بۆی هەیە چوار ژن بهێنێت وە دەکرێت هەرچواریان لەئاینە جیاوازەکانی دیکە بن و ئەوکاتیش منداڵەکان دەگەرێنەوە سەر باوک. بەپێی ئایدیۆلۆجی دیموکراتی ئێمەی مرۆڤ ژنو پیاو یەکسانین و وەکو یەک مافی مرۆڤایەتیمان هەیە وە ئەوەی بۆ پیاوێک ڕەوایە بۆ ژنێکیش ڕەوایە. بۆیە ئاینی ئیسلام ئایدیۆلۆجی دیموکراتی و ئازادی تا ئەوئاستە پەسند دەکات کەمرۆڤ لەبازنەی شەریعەت دەرنەچێت. (ئێمە تەنها دیموکراتیمان دەوێت بۆ هەڵبژاردن بەڵام ئایدیۆلۆجی دیموکراتیمان قەبوڵ نیە. عەلی باپیر) بۆ نمونە بەپێی شەرع زیناکردن لە ئیسلامدا تاوانێکی گەورەیە بەڵام لەڕوانگەی ئایدیۆلۆجی دیموکراتیەوە مرۆڤ بەهەمو ماناکانیەوە ئازادە بۆ هەر کارێکی ئەنجامی دەدات بەمەرجێک زیان بەکەسێکی دیکە نەگەیەنێت. بەپێی شەرع و حەدیس لە میرات و شایەتیدا 1+1=1 ژن. بەپێی ئایدیۆلۆجی دیموکراتی ژنو پیاو ماتماتیکیانە مافی بۆدیاری دەکرێ واتە 1+1=2 ژن یان 2 پیاو. ئەمانەو زۆرشتی دیکە هەن کەلەگەڵ ئاینی ئیسلامدا ناگونجێت بۆیە لەڕوانگەی ئایدیۆلۆجیەوە هەردو حزبی یەکگرتوی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی دژی ئایدیۆلۆجی دیموکراتین بەڵام مەرج نیە هەرحزبو گروپێکی سیاسی یان ئیسلامی سیاسی کە دژی ئایدیۆلۆجیای دیموکراتی بێت توندڕەوی پەرە پێ دەدات یان توندوتیژی بەکار دەهێنێت، وە سەرجەم حزبەکانی ناو پەرلەمان دژی تێرۆرو نائارمین لەکوردستان. لەپەرلەماندا هەمو حزبێک نوێنەری دەنگدەرو جەماوەری خۆیەتی بۆیە بونی هەردو حزبی ئیسلامی و سەرجەم حزبە علمانیەکانی دیکەش کەجەماوەر دەنگی بۆداون مەرجێکی گرنگی دیموکراتین. پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بەو ڕەنگە جودایانەوە جوانە و پەرلەمانی دیموکراتی دەبێت جێگەی هەمو ڕەنگو دەنگو بۆچونێکی جیاوازی تێدا ببێتەوە. (ئەو مرۆڤەی کە پێی وایە ئاین لەگۆی ئەم زەویەدا نەمێنێت با بڕوات لەسەر مەریخ بژێت. Existentialism)

عوسمان عەسکەری eskerei@yahoo. se